# پەیامی پیرۆزبایی

**تێکۆشەری بەڕێز کاك کۆسرەت رەسووڵ**

**هاوڕێ دەگەڵ جوانترین سڵاو و رێزمان..**

بەبۆنەی هەڵبژاردن‌و دەست بەکار بوونتان لەپۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەلایەن خۆمان‌و گشت هەڤاڵانمانەوە لەحزبی رزگاریی کوردستان‌و پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پڕ بەدڵ پیرۆزباییت پێشکەش دەکەین‌و هیوادارین ئەرکی نوێ لەپێناو رزگاریی یەکجاری گەل‌و وڵات، سەرکەوتووانە بەڕێوەببەن.

**دەگەڵ سڵاوی دووبارە**

**رێکار ئەحمەد**
**سکرتێری گشتی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**

**ئەمیر قازی**
**سکرتێری گشتی**
**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**

## هەواڵی پر

* کەسێکی شاری هەولێر پارچە زەویەکی خۆی کە دەکەوێتە شوێنێکی بەرچاو بەکەسێکی دیکەی فرۆشتووە، بەڵام چونکە لەفرۆشتندا پرسی بەقایمقام‌و ئاسایش نەکردووە، ئەوان لێی لەڕك راچووینەوە بڕیاری گرتنیان داوە. باشە لەکام شوێنی دونیا شتی لەم بابەتە هەیە!!. ئەگەر وا بڕوات دەستەڵات دەست دەخاتە ناو ماڵی خەڵکیشەوە.

* ئەو چوار پێشمەرگەیەی کە مانگی رابردوو بەگومان لەلایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسی گەڕەکی عروبەی شاری کەرکوکەوە گیرابوون، ئازاد کران.
کاتێك هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە چەند چەکدارێك لەنێو ئۆتۆمۆبیلێکی ئۆپڵی مارۆنییەوە تەقەیان لەعەرەبێك کردووەو کوشتوویانە، لەرێگەی گومانەوە چوار کەس کە سەر بەپۆلیس‌و پێشمەرگەوە بوون، دەستگیر کران، کاتێ ئەو چوار کەسە دەبەن بۆلای عەقیدێك کە زۆر باش ئەو چوار کەسە دەناسێ، داکۆکیان لێناکات‌و رەوانەی زیندانیان دەکات.
لەسەر داوای دادوەر لێکۆڵینەوەی ورد دەربارەی ئەو چوار کەسە ئەنجام درا، تەواوی چەك‌و تەقەمەنییەکانیان پشکنینیان بۆ کرا، سەرەنجام دوای مانگێ دەرکەوت کە ئەو چوار کەسە بێ تاوان‌و ئاگایان لەو کێشەیە نیە.
دوای مانگێ راگرتن لەزینداندا دادوەر بڕیاری ئازادکردنی ئەو چوار کەسەی داو پۆلیسیش بەشەرمەزارییەوە ئازادی کردن، تەنیا ئەوەندەی بۆ مایەوە کە داوای بووردنیان لێ بکات. لەراستیدا ئازادکردن‌و داوای بووردن لەگەورەیی تاوانی گرتنی کەسانی بێتاوان‌و ئەو ئازارە دەروونیەو جەستەییەی کە کێشاویانە کەم ناکاتەوە. هەقە حکومەت قەرەبووی ئەو کەسانە بکات کە بەتۆمەت دەگیرێن‌و دوایش بێ تاوانیان دەسەڵمێندرێ. ئەو کێشەیە ئەگەر لەوڵاتێکی ئەورووپی بووایە، دەبووایە پۆلیس بەدەیان هەزار دۆلار قەرەبوویان بکاتەوە.

* پیاوێکی کەمئەندام بەناوی (م.خ.ع) زیاتر لەساڵ‌و نیوێکە رەزامەندی لەسەر مامەڵەکەی کراوە کە مووچەی بۆ دەربچێ، کەچی تازە بەتازە پێیان وتووە خاڵە گیان وەڵاهی نازانین ئەم ماوەیە پارەکەی تۆ دراوە بەکێ. لەولاشەوە یەکێکی دیکە بەناوی (ح.ق) جگە لەخۆی‌و ژن‌و کوڕەکەی سووکە خانە نشینیەکان بۆ منداڵێکی لەبارچوویان دەرکراوە، ئینجا خوابکەم زەوی وەرنەگرێ.

* ئەو عەرەبە سوننانەی لەشارەکانی بەسرەوە هەڵاتوون باسی ئەو گەندەڵیانە دەکەن کە هێزە سیاسیەکانی شیعە ئەنجامی دەدەن. پیاوێکی دانیشتووی شارۆچکەی زوبێر لەبەر سوننە بوون لەشوێنی دانیشتنی خۆی هەڵاتووەو هاتووە لەشاری چەمچەماڵ نیشتەجێ بووە، باس لەئاودیوکردنی نەوت دەکات‌و دەڵێ: شیعەکان بە پاڵپشتی هێزەکانیانەوە بەئاشکرا پاپۆڕی نەوت بار دەکەن‌و ئاڵای ئێرانی لەسەر بەرز دەکەنەوەو دەربازی دەکەن. شاهید حاڵەکان دەڵێن: تا ئێستا بەهەزاران کەسی دەرەکی ناسنامەی عێراقیان بۆ دروست کراوەو دەستیان ئاوەڵا کراوە تا بەئازادی بێنە ناو عێراق‌و کاری ئاودیو کردن ئەنجام بدەن. سوننەکان زۆر لەچارەنووسی خۆیان نیگەران‌و ناوێرن بگەڕێنەوە شوێنی دانیشتنی خۆیان. ئەوان بەسرە بەدۆزەخ‌و بەرەکانی مەرگ ناو دەبەن. جاران شیعەکان دەیانگوت بەسرە بۆتە دۆزەخی مەرگ، ئەمڕۆش سوننەکان!!.

* لەگوندێکی ناحیەی قەرەحەسەن نزیکەی 500 خانوو دروست کراوەتەوە. حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی جاران) جادەو رێگەوبانی بۆ راکێشاون، بڕیاری دابوو هەر ماڵەش بڕی 5000 هەزار دۆلاریان پێبدات، بەڵام سولفەی عەقار راگیراو، بەڵێنیشیان پێدراوە کە لەماوەیەکی کورتدا بۆیان سەرف بکرێت. حزبێکی خاوەن دەستەڵات لەژێرەوە نوێنەری خۆی رەوانە کردووەو بەڵێنی پێداون ئەوەی ببێتە ئەندامی ئەوان، لەجیاتی 5000 ئەوا 10000 دۆلاریان پێدەدات، بەڵام خەڵکی گوندەکە ئەو خۆشخزمەتیەیان رەت کردۆتەوەو پێیان گوتوون: لێمان گەڕێن‌و شەڕی براکوژیمان بۆ زیندوو مەکەنەوە، چونکە ئەم بەڵێنە چەورە ئاگری دووبەرەکی لەنێوان خەڵکی گوندەکە خۆش دەکات.

* بەگوێرەی بڕیارێك پسوولەی وەرگرتنی بەنزینی ژمارە (4تا 80) لەسنووری پارێزگای کەرکوك بەتاڵ کراوەتەوە. تا ئێستا کەس سەری لەو رازە دەرناچێ. هەندێك پێیانوایە مەبەستیانە نرخی بەنزین بەرز بکەنەوەو بیست لیتری بکەن بە 15000 دینار. هەندێکی دیکە دەڵێن: حکومەت دەیەوێ ئەویش بەبازاڕی ئازاد بسپێرێ‌و چیتر پسوولە بەخەڵکی ئاسایی نەدرێ. کەچی سەرچاوەیەك کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، گوتی: ئەو پسوولانەی لەخەڵکی ئاسایی وەردەگیرێنەوە، بەکەسانی سەر بەخۆیان دەدرێنەوەو بەنزینیان پێ وەردەگیرێ.

## 20 پێشمەرگە لەسەر دوو مووچەیی دەردەکرێن

فەرماندەی هەڵگورد کە هێزێکی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانە، شوێنی کارکردنی لەقەزای سۆرانە 20 پێشمەرگەی بەتۆمەتی ئەوەی گەندەڵیان لێئاشکرابووە، دەرکردووە. بەگوێرەی زانیارییەکان دەرکەوتووە کە ئەو 20 کەسە لەلایەکەوە مووچەی مامۆستاییان وەرگرتووە، لەلایەکی دیکەشەوە وەکو پێشمەرگە تۆمارکراون‌و مووچە وەردەگرن. سەرچاوەکان دووپات لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەزاران کەسی دیکە هێشتا لەریزەکانی پێشمەرگەو (ئای ئێن جی)دا ماوەن کە فرە مووچەیان هەیە. یان ئەوەتە پیشەی دیکەیان هەیەو بە گەندەڵی لەسەر میلاکی پێشمەرگە تۆمارکراون، یان پێشمەرگەن‌و بەگەندەڵی لەشوێنێکی دیکە مووچە وەردەگرن.

## دەستەڵات سنوور بۆ قاچاغچیان دەکاتەوەو شێخیش رێگەیان لێدەگرێ

رۆژی 2006-6-19 بەبڕیاری شێخی زینوێ رێگەی قاچاغیکردن بەمەی دەگیرێ، لەمەودوا کەس بۆی نیە خواردنەوەی گازدار رەوانەی ئەو دیو بکات. هۆکاری ئەو بڕیارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رەفتارە ناشیرینەی هەندێ قاچاغچی کە ئەسپێکی تۆپیوویان فڕیدابووە ناو کانیاوی گوندی ناوخۆش کە دەکەوێتە سنووری نێوان چۆمان-پیرانشار. شاوی باسە رۆژانە زیاتر لە300 کەس بە کۆڵ بارەکانیان لەنێوان سنوور ئاودیو دەکەن‌و بژێوی رۆژانەی خۆیانی پێدابین دەکەن. پاسەوانانی سنووری سەر بەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگای لەقاچاغچیەکان هەیەو سنووری بۆ کردوونەتەوە، بەڵام ئەو بڕیارەی شێخ ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوەو خەڵکی ناوچەکەش پشتیوانی لەبڕیارەکەی شێخ دەکەن.

## هەڵۆکانی ئازادی کوردستان ئاگر دەبارێنن




رێکخراوی هەڵۆکانی ئازادی کوردستان سووتاندنی کارخانەیەکی دیکەی تورکیایان گرتە ئەستۆی خۆیان.
رۆژی 2006-6-21 لەراگەیاندراوێکدا کە رێکخراوی هەڵۆکانی ئازادی کوردستان لەپێگەی خۆیداو لەسەر ماڵپەڕی ئینتەرنێتی بڵاوی کردۆتەوە، جەختی لەسەر درێژەدان بەچالاکی تۆڵە سەندنەوە کردۆتەوەو رایگەیاندووە کە ئەوان کارخانەی کۆسماتیکی هەرێمی پیشەسازی ئەتاتورك، هەڵکەوتوو لە (خادیم کۆی)یان ئاگر تێبەرداوە. رێکخراوەکە دووپاتی کردۆتەوە کە بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی دەوڵەت هێزێکی ئەوان رۆژی 2006-6-20 ئەو چالاکییەی ئەنجام داوە، هەروەها هێزێکی دیکەشیان رۆژی 17-6-2006 کارخانەی گۆرەوییان لەبەشی ئەورووپای ئیستەنبۆل ئاگر تێبەرداوە. رێکخراوەکە رایگەیاندووە: ئەگەر حکومەتی تورکیا لەسەر ستەم‌و چەوساندنەوەی کورد بەردەوام بێ، ئەوانیش چالاکیەکانیان بەردەوام‌و گەورەتر دەکەن.

## چۆمان: خەڵك رەخنە لە پەرلەمان دەگرن

شاندێکی پەرلەمانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە (ئا.ع.،س.ت،ر.ە) ئێوارە کۆڕێکی لەقەزای چۆمان بۆ خەڵکی دەڤەرەکە سازکرد، کۆڕگێڕان سەبارەت بەیەکگرتنەوەی حکومەت‌و ئایندەی کوردستان قسەیان کرد، باسی گرنگی یەکگرتنەوەو رۆڵی پەرلەمانیان کرد، جەختیان کردەوە کە پەرلەمان زۆر بەوردی چاودێری کارەکانی حکومەت دەکات‌و هەوڵدەدات کە کێماسی‌و گەندەڵییەکان بنبڕ بکات. داوایان لەخەڵك کرد کە چاودێری بەسەر کارەکانی حکومەتەوە بکەن، بەڵام ئامادەبووان گرنگیان بەقسەکانی پەرلەمانتێران نەداو بەتووندی رەخنەیان لێگرتن، هەندێك لەئامادەبووان رەخنەکانیان هێندە توند بوو کە رۆڵی پەرلەمانیان بە نەرێنی داناو بەوە تۆمەتباریان کردن کە تەنیا لەخەمی بەرژەوەندییەکانی حزبی‌و پڕکردنی گیرفانی خۆیانن. ئەوان پێیانوابوو ئەوەی کە کراوەو ئەوەی دەشکرێ، تەنیا لەناچاریی‌و لەترسی رەخنەو ناڕەزاییەکانی خەڵکەوە دەکرێن، ئەگەر نا وەکو رابردوو مەینەتیەکان درێژتر دەبوونەوە.

## لەچك لەخوێندنگەیەکی رانیەدا ئاژاوە دەنێتەوە

رۆژی 9-6-2006 لەکاتی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ، لەنێو قوتابخانەی دواناوەندی ماکۆکی شاری رانیە، چونکە زۆربەی کچان بەهۆی گەرماوە لەچکیان فڕێ دابوو ناکۆکی‌و ململانێ لەنێوان رەوتە ئیسلامیەکان‌و بەڕێوەبەری قوتابخانە دروست بوو. گروپێکی لاوان کە سەر بەرەوتە ئیسلامیەکانە بەتووندی رەخنەی لەبەڕێوەبەر گرت‌و فڕێدانی لەچکەی بەفیتی ئەو دانا، هەروەها لەبەیاننامەیەکدا کە ئاراستەی پەروەردەی رانیەی کردووە داوای لێکۆڵینەوەی لەو مەسەلەیە کردووە. بەڕێوەبەری قوتابخانە بەستان یان فڕێدانی لەچك بەئازادی تاکەکەسی دەزانێ‌و ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە.

### دەستەی هاوکاری هەڕەشەی رێپێوان دەکات

دەستەی هاوکاری لەرانیە کە جەخت لەسەر جێبەجێکردنی داواکاری‌و داخوازییەکانی جەماوەر دەکاتەوە، بەتووندی رەخنە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێ‌و بەوە تۆمەتباری دەکات سەرباری ئەوەی بەڵێنی شەرەفی بەخەڵکی رانیە دابوو، کەچی بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووەو بەدەنگ داخوازییەکانی جەماوەر نەهاتووە. رۆژی 2006-6-21 لەساڵیادی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی رانیە لەبەیاننامەیەکدا داوای لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە بە بەڵێنەکانی خۆی پێبەند بێ‌و ناچاریان نەکات لەدژی گەندەڵی‌و بێبەڵێنی دەست بەخۆپێشاندان‌و رێپێوان بکەنەوە.

### بناری قەندیل رەخنە لەوەزارەتی تەندروستی دەگرن

بەگوێرەی زانیارییەکان ماوەیەکە جۆرێك نەخۆشی یەخەی ئاژەڵەکانی ناوچەکانی بناری قەندیلی گرتووەو بەتەواوی هەراسانی کردوون. بەو هۆیەوە ئاژەڵە تووشبووەکان دەم‌و سمتیان زامدار دەبێ‌و ئارەزووی خواردنیان نامێنێ، دواتر لەخواردن دەکەون‌و دەمرن. دەزگاکانی تەندروستی ئاژەڵی سەر بەوەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم وەکو پێویست هەوڵی چارەسەکردنی ئەو ئاژەلانەی نەداوە، هەربۆیەش خەڵکی ناوچەکە بەتووندی رەخنە لەحکومەت دەگرن‌و خوازیارن کە وەزارەتی تەندروستی هەنگاوی خێرا هەڵبگرێتەوەو لەزیانەکانی خەڵکی ناوچەکە کەم بکاتەوە.

### گەنجێك دەخنکێ

لاوێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی شکار مەلا هیدایەت رۆژی 2006-6-19 لەرووباری گەرمکان، دەڤەری پشدەر ژێر ئاو دەکەوێ. چەند لاوێکی مەلەوان بەفریایەوە دەچن‌و دەیانەوێ لەئاوەکە دەری بهێنن، بەڵام مخابن بەخنکاوی تەرمەکەی دەردەهێنن‌و تەسلیم بەکەس‌و کاری دەکەنەوە. شیاوی باسە بنەماڵەی قوربانیەکە ئاوارەی شاری کەرکوکن‌و ماوەیەکە لەشاری قەڵادزێدا نیشتەجێن.

### هەوەسبازی مەرگی ژنێکی لێدەکەوێتەوە

کاتژمێر 21ی رۆژی 2006-6-15 دوو گەنجی شاری هەولێر دەچنە ماڵی کەسێکی دانیشتووی شارەدێی بەستۆڕە، کە دەبینن پیاوەکە لەماڵ نیە، ئارەزووی سێکس دەیانوروژێنێ‌و دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنی ماڵەکە. خزم‌و کەسی پیاوەکە هەست بەمەسەلەکە دەکەن‌و پەلاماریان دەدەن. وێڕای ئەوەی هەر دوو گەنجەکەو ژنەکەش ئازارو ئەشکەنجە دەدەن، ئەوسا لاوەکان دەبەن‌و بەرووتی لەسەر رێگەی هەولێر-مەلائۆمەر فڕێیان دەدەن‌و ژنەکەش رەوانەی ماڵی باوکی دەکەنەوە. بنەماڵەی ژنەکە کە خانەوادەیەکی ناسراوی ناوچەکەن بەبیانووی کڕینەوەی شەرەف کچەکەی خۆیان دەکوژن‌و هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەش لەدوو گەنجەکە دەکەن‌و بە هیچ ناوبژیوانیەکیش رازی نین.

### ئاکامی درۆکردن خێزانێك هەڵدەوەشێنێتەوە

خێزانێکی ئۆردووگای شاوەیس کە باری بژێویان مامناوەندی بووە، ژنەکە بەناوی (س) بۆ کڕینی کەل‌و پەلەکانی ناوماڵ درۆی لەگەڵ مێردەکەیدا دەکات‌و وا بڵاودەکاتەوە کە پارەی بەقەرز لەخزمەکانی خۆی وەرگرتووە. مێردی ژنەکە کە ناوی (ب) بەدوای سەرراستکردنەوەی قسەکانی ژنەکەیدا دەڕوات، لەئاکامدا بۆی دەردەکەوێ کە ژنەکەی درۆی لەگەڵدا کردووەو لەرێگەی ناڕەواوە پارەی پەیداکردووەو کەلوپەلی ناوماڵی پێکڕیووە. سەرەنجام مێردەکە بەکارەکانی ژنەکەی رازی نابێ‌و بڕیاری جیابوونەوە دەدات. دادگەی شەقڵاوە لەرۆژی 20-6-2006 بەو مەرجەی پیاوەکە یەك ملیۆن‌و 300 هەزار دیناری مارەیی ژنەکەی بدات، بڕیاری جیاکردنەوەیان دەدات. بەمەش درۆکردن خێزانێك هەڵدەوەشێنێتەوە.

### تەرمێك لەدەڤەری بارزان دەدۆزرێتەوە

رۆژی 2006-6-12 تەرمی کەسێك لەلێواری رووبار لەنزیك گوندی (دەربۆتکێ)ی دەڤەری بارزان بەشێواوی دەدۆزرێتەوە. شوانێك کە ناوی (میرخان ئەشقی)یە ئەو تەرمە دەدۆزێتەوە، دەمودەست لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکاتەوە. پۆلیس تەرمەکە رەوانەی نەخۆشخانەی شاری دهۆك دەکات. بەگوێرەی زانیارییەکان تەرمەکە بەشێوەیەك شێواو بوو کە نەناسراوەتەوە. پۆلیس لەو باوەڕەدایە کە ئاوی رووبار ئەو تەرمەی هێناوەتە دەڤەرەکە، چونکە پێناچێ هیچ تاوانێکی کوشتن لەناوچەکە روویدابێ.

### خەلیفان: دزی لەوەرزشوانانیش دەکرێ

رۆژی 2006-6-13 لەنێو یاریگەی خەلیفان لەکاتێکدا کە وەرزشوانان خەریکی یاریکردن دەبن، کەسێك یان کەسانێك دەرفەت وەردەگرن‌و دەچنە هۆڵی جل گۆڕینی یاریزانان، ئەوەی دەستیان دەکەوێت دەیدزن‌و دەڕۆن. بەگوێرەی زانیارییەکان مۆبایلێکی نۆکیاو 200 هەزار دینار لەتەنیا کەسێك دزراوە، بەمەش تۆوی گومان‌و دڵپیسی لەنێو وەرزشوانەکان چەکەرە دەکات‌و یەکتر تاوانبار دەکەن. بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر دەزگەی ئاسایشی شاری خەلیفان پەروەندەی تایبەتی کردۆتەوەو بەدوای مەسەلەکەدا دەچێ. ئەوەی زانراوە کە وەرزشوانەکان لەبیریان چووبووە کە دەرگەی هۆڵەکە لەدوای خۆیانەوە قوفڵ بدەن.

### ئامادەیی 5ی ئازار نمرە دەبەخشێتەوەو خوێندکارانیش ناڕەزایی دەردەبڕن

دوای ئەوەی دەردەکەوێ کە رێژەی دەرچووان لەئامادەیی 5ی ئازاری شاری رانیە زۆر کەمە، بەڕێوەبەرو مامۆستاکان رێکدەکەون کە نمرەی زیادە بەسەر خوێندکاران ببەشنەوە تا رێژەی دەرچوون بەرز بکرێتەوە. هەوڵدەدرێ دەرنەچووان بکرێن بە کەوتوو، تا شانسی ئەوەیان پێبدرێ لەدەوری دووەمیشدا بەشداری لەتاقیکردنەوەکاندا بکەن. بەگوێرەی ئەو بڕیارە شانسی زیاتری بە خوێندکارە کەوتووەکانداو ئەوانی دەرچوواند، بەمەش ستەم لەسیستەمی خوێندن‌و فێرکردندا کرا. هەندێك لەخوێندکاران گلەیی لەمامۆستاکانیان دەکەن کە گوایە ئەو بڕیارە تەنیا لەبەر خاتری خزمانی خۆیان دراوەو تەنیاش خزمی ئەوانیشی گرتۆتەوە، دەنا خوێندکاری وا هەبووە کە تەنیا 5 نمرەی ویستووە کەچی بۆی بەرز نەکراوەتەوە.